# ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

## جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بانە مەحکوم دەکەین

ڕۆژی دووشەممە ۷ی خاکەلێوە، هێزە ئینتزامیەکانی ڕژیم تەقەیان لە لاوێك کرد بە ناوی ئازاد سپی کەمەرەیی و کوشتیان. ئەم کردەوەیە بووە هۆی نارەزایی و قینی خەڵکی شاری بانە و دەوروبەری. دوێنێ دوانیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە ۸ی خاکەلێوە جارێکیتر فەرماندەی پاسگای ئارمردە لە یەك کیلۆمیتری شار و لە گۆڕستانی سلێمان بەگ یەکێکیتر لە زەحمەتکێشانی دایە بەر فیشەك و بە توندیی بریندار کرد.

ئەم چەشنە کردەوە وەحشیانەیەی هێزەکانی ڕژیم، نارەزایی بەرینی خەڵکی شاری بانەی بەدواوە بوو و خەڵك خوازیاری سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەم وەحشیگەری و کوشتارە بوون و بەو مەبەستە سەردانی فەرمانداریيان کرد، بەڵام لەگەڵ چەکدارەکانی هێزی ئینتزامی بەرەوڕوو بوونەوە و لە ئەنجامدا خەڵك نارازی، هێرشیان کردە سەر فەرمانداری و ماڵە سازمانیەکانی هێزە ئینتزامیەکانی کەلانتەریی ۱۲ و پاشان ڕژانە سەر شەقامەکان و شووشە و پەنجەرەی بانکەکانیان شکاند و هەتا سەعات ۱۰ی شەو بەکاتی تاران درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیان دا و لە دژی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی دروشمیان دا.

بەپێی دوایین هەواڵەکان، ئەمڕۆ چوارشەممە لە شاری بانە حکوومەتی نیزامی ڕاگەیەنراوە و بە هاتنی هەزاران هێز بە هێلیکۆپتێر، هەموو مەیدان و شەقامەکان پڕ بووە لە هێزی چەکدار و تەنانەت قوتابخانەکان گەمارۆ دراون و ژمارەیەك لە خەڵك و لاوان گیراون.

ئێمە ئەم لەشکر کێشیە وەحشیانەیەی کۆماری ئیسلامی و کوشتاری خەڵکی بانە بە توندی ئیدانە دەکەین و داوا لە هەموو ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان دەکەین دەنگی نارەزایی خۆیان لە دژی ئەم جنایەتانە بە جیهان ڕابگەیەنن و هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی بانە خوازیاری سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەم کوشتوبڕانە بن.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

۹ی خاکەلێوەی ۱۳۸٤

www.komala.org
Email: komala۱۳٤۸@hotmail.com
Komala office in sulaimania:
Tel: ۰٤٤۷۰٤۳۱۲٤۷۱۱
Mobile: ۰۰٤٤۷۰۷۷٥۳۷٤٦٥